سندوقی متمانەی هەرێمی بۆ بەدەمەوەچوونی قەیرانەکانی سوریا سەربە یەکێتی ئەوروپا (مەدەد)

# گەڕانەوەی هیوا بۆ ئەو خێزانانەی بەهۆی ناکۆکییەوە ئاوارە بوون، لە موسڵ و هەولێر



نیسان ٢٠٢٢

UN-HABITAT
FOR A BETTER URBAN FUTURE

Funded by the European Union
بتمويل من الاتحاد الأوروبي

UN HABITAT
FOR A BETTER URBAN FUTURE

UN HABITAT
FOR A BETTER URBAN FUTURE

# ناوەڕۆکی نامیلکە

ئەم نامیلکەیە لە پێنج چیرۆکی کاریگەر پێکهاتووە کە باس لەوە دەکات چۆن بەرنامەی پێشکەوتن (Headway) کە لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە دابین دەکرێت، ژیانی کۆمەڵە سوودمەندێکی هەردوو شاری موسڵ و هەولێری گۆڕیوە. چیرۆکەکان ڕەنگدانەوەیان هەیە لەسەر نەهامەتی و بارودۆخی سەختی دانیشتوانی خانەخوێ و ئاوارە و پەنابەر کە بەهۆی قەیرانی سوریا و عێراقەوە تووشیان بووە.

هەندێک لەو خێزانانە ناچاربوون خێزان و خۆشەویستەکانیان بەجێبهێڵن و هەندێکی دیکەش بەهۆی تەقینەوە و پێکدادانەوە ئەندامانی خێزان و ماڵی خۆیان لەدەستدا. زۆربەی ئەو خێزانانە لە بارودۆخێکی ناجێگیردا دەژین، بەبێ ئاو و کارەبا و پێداویستییە گرنگەکانی تری ژیان.


لە ئەنجامی بەرنامەکەدا، ژیان بۆ زیاتر لە ١٩٥٠٠ کەس باشتر بووە، ژیان بۆ ئەم خێزانانە و زۆر خێزانی تر بە تەواوی گۆڕا. ئەوان دڵخۆشتر و تەندروستتر و گەشبینترن بە داهاتوو لە جاران. ماڵەکانیان بە تەواوی نۆژەنکرانەوە و هەموو شتێکیان بۆ چاککرایەوە بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەن هەندێک لەو بار و خەسارانەی کە ڕووبەڕوویان بوونەتەوە لەبیر بکەن و یارمەتیان بدات بۆ پێشبینی کردنی ئایندەیەکی پڕ لە هیوا و ئاوات.

## بەرنامەی (Headway) بە شێوەیەکی سەرەکی لە سێ پرۆژە پێکهاتووە:

**١. نۆژەنکردنەوەی ٩٧٦ خانووی سەر بە ئاوارە ناوخۆییەکان و ئەندامانی کۆمەڵگەی میوان و پەنابەران.**

نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێ مرۆییەکان (UN-Habitat) لەگەڵ سەرکردەکانی کۆمەڵگا کاری کرد بۆ ئاوەدانکردنەوەی خانووە زیانلێکەوتووەکان بۆ دابینکردنی ژینگەی پارێزراو وئارامی ژیان بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان.

| گراف | بڕگەکان |
| --- | --- |
| ٪٧٦ | **کاری مەدەنی:** ڕشتنی کۆنکرێت و بنیاتنانەوەی دیوار و لەبغ کردن و چاککردنەوەی سەقف و دانانی دەرگا و پەنجەرە و چاککردنەوەی پەرژین و خشت و بۆیاخکردن. |
| ٪١٣ | **کاری ئاو و ئاوەڕۆ:** دانانی تەوالێت و دەستشۆر و سینکی چێشتخانە، گەرمکەرەوەی ئاو، تەنکی ئاو، حەمام و بۆری. |
| ٪١١ | **ئیشی کارەبایی:** گلۆپی ئێل ئی دی، سویچ پلاک، وایەر، پلاک ، بۆردی کارەبا ، و کێبڵەکان. |






**٢. نۆژەنکردنەوەی پرۆژەکانی ئاوی ژێرخان و تەندروستی ٥ کۆمەڵگا بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران و سوودمەندانی کۆمەڵگای خانەخوێ، ئاوی پاک و سازگاریان بۆ دابین دەکرێت.**

بۆ باشترکردنی گەیاندنی خزمەتگوزاریەکان، (UN-Habitat) لەگەڵ شارەوانییە تایبەتەکان و بەڕێوبەرایەتییەکانی ئاوی شەنگال و موسڵ و سومێل و دهۆک و هەولێر کاری کردووە بۆ ناساندن و جێبەجێکردنی ژێرخانی ئاوی پاک و سازگار بۆ ئاوەدانکردنەوە.

**٢,٣٤٣ خێزان و ١١,٠٥٨ کەس سوودمەند بوون:**

| | |
| --- | --- |
| شەنگال | ٣٢٣ |
| موسڵ | ٤٣٠ |
| سومێل | ٩٠٠ |
| دهۆک | ٣١٥ |
| هەولێر | ٣٧٥ |

**٣. تواناسازی بۆ ٢٥ کارمەندی تەکنیکی شارەوانی لەسەر پاراستنی کاریگەری تۆڕەکانی ئاو.**

بۆ دڵنیابوون لە مانەوەی درێژخایەنی ژێرخانی ئابووری و سەرکەوتنی پرۆژەکان، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ٢ ڕاهێنانی تواناسازی چڕوپڕی لەهەولێر و دهۆک بۆ ستافی تەکنیکی شارەوانی لەسەر چۆنیەتی هێشتنەوەی تۆڕەکانی ئاو بەباشترین شێوە ڕێکخست. ڕاهێنانەکە بە مەبەستی خۆڕایی کردنی بەشداربووان بە زانیاری نوێ و تێگەیشتنێکی پێشکەوتوو لە کاریگەرترین ڕێکارەکانی پاراستنی تۆڕەکانی ئاو و وێستگەکانی پەمپکردنی ئاو.



لەوەند لەگەڵ هاوسەر و کچەکەی دەدوێت لە حەوشەی خانووە نۆژەنکراوەکەیان لە هەولێر(٢٠٢١، نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێ مرۆییەکان (UN-Habitat) - هەرێم سیوەیسی)

# پرۆژەی (Headway) ژیانی خێزانی زوبەیر و چەندەها خێزانی تری گۆڕی

هەولێر، ٢٠ کانونی یەکەم ٢٠٢١ - لەوەند زوبەیر ئێستا بە ئاسوودەیی لەگەڵ هاوسەرەکەی "دایکی دەلاڤ" و کچە ٣ ساڵانەکەیان دەلاڤ لە ماڵە نۆژەنکراوەکەیان لە هەولێر ژیان بەسەر دەبەن. خانووەکەیان یەکێک بوو لەو ٩٧٦ خانووەی کە ئاوەدان کراوەتەوە بۆ دانیشتوانی ناوخۆی پێنج شاری ئامانجکراو — هەولێر، دهۆک، سێمیل، موسڵ، شەنگال.



لەوەند لەگەڵ دەلاڤی کچی قسە دەکات (٢٠٢١، نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێ مرۆییەکان (UN-Habitat) - هەرێم سیوەیسی)



**٢,٣٤٣**
خانوو سوودیان لە پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی ئاوی ژێرخان و تەندروستی کرد

لە ساڵی ٢٠١٤ و لە سەرەتای شەڕی سوریادا ٢٤٥,٠٠٠ پەنابەری سوری ناچاربوون شار و وڵاتی خۆیان بەجێبهێڵن. هەرێمی کوردستانی عێراق پێشوازی لە ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارەکانی سوریا کرد کە بووە هۆی دروستبوونی گوشاری توند بۆ سەر هەرێمەکە.

لەوەند زوبەیر لەگەڵ هاوسەرەکەیدا لە شەڕی سوریا هەڵاتن لە پارێزگای (حەسەکە)وە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق. دوای ئەوەی ناچاربوون خێزان و خۆشەویستان و هەموو ئەو شتانەی بۆیان ئاشنا بوون بەجێبهێڵن، دووبارە بەهۆی خراپی باری خانووە بەکرێگیراوەکەیان لە هەولێر تووشی نارەحەتی بوون. خانووەکەیان گونجاو نەبوو بۆ ژیان، زستانی زۆر سەخت بوو وە شێدار و ناتەندروست و سارد بوو، تا ئاستێک کە خێزانەکە نەیاندەتوانی شەوانە بە ئارامی بخەون.

پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان خانووەکەیان دوو جار بۆ نۆژەنکردنەوە. هەردوو نۆژەنکردنەوەکە بارودۆخی خێزانی زوبەیریان بە چەندین شێواز باشتر کرد وەک خاوێنی، سەلامەتی، و رێک و پێکی. پێش پرۆژەکە، دەرگای پێشەوەیان بە باشی قفڵ نەدەدرا، بۆیە زۆر جار هەستیان بە ترس و نائارامی دەکرد، بە تایبەتی لە شەودا. هەروەها مێروویان هەبوو بەهۆی باری ناتەندروستی ماڵەکەیانەوە، ئەم دوو کێشەیە و چەندینی تریش دوای پرۆژەکە بە تەواوی چارەسەر بوون.

"پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان نەک تەنها یەک جار بەڵکو دوو جار خانووەکەمانیان نۆژەن کردەوە، هیچیان بەجێ نەهێشت، هەموو شتێکیان بۆ چاککردین."

لەوەند



دەلاڤ لە ماڵە نوێ کراوەکەیان یاری دەکات (٢٠٢١، نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێ مرۆییەکان (UN-Habitat) - هەرێم سیوەیسی)

**٥,٦٨٢**
کەس ڕاستەوخۆ سوودیان لە پەناگەی نۆژەنکراو وەرگرت لە ڕێگەی ئەم پرۆژەوە.

> "دوای نۆژەنکردنەوەکە هەموو شتێک گۆڕا، هەموو ئەو کێشانەی کە پێیانەوە دەمان نالاند نەماون"
>
> لەوەند وتی.

خێزانەکە ئاوێکی تاڵ و قوڕاوییان دەخواردەوە کە ناتەندروست بوو، بە تایبەتی بۆ کچەکەیان کە لەو کاتەدا منداڵێکی ساوا بوو. پاش ئەوەی پڕۆژەکە جێبەجێ کرا، ئێستا دەتوانن بە سەلامەتی ئاوی سازگار بخۆنەوە بەبێ نیگەرانی و ئەمەش بە ڕێژەیەکی زۆر تەندروستیانی باشتر کردووە.

خێزانی زوبەیر لە نێوان ٥٦٨٢ کەس بوون کە ڕاستەوخۆ سوودیان لە پەناگەی نۆژەنکراو وەرگرتووە لە ڕێگەی ئەم پرۆژەیەوە کە بریتین لە ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەرە سورییەکان و ئەندامانی کۆمەڵی خانەخوێ. خێزانەکە ئێستا دەبینن کە پێشتر لە چ بارودۆخێکی ناجێگیردا دەژیان و سوپاسگوزارن بۆ هەوڵ و ماندووبوونی (UN-Habitat)، ئەم پرۆژەیە نەبووایە نەیاندەتوانی هیچ گۆڕانکارییەک بکەن.

دوای ئەو نۆژەنکردنەوەیەی کە بەشێک بوو لە پرۆژەی (Headway)، ژیان بۆ خێزانی زوبەیر بە تەواوی گۆڕا. زۆر ئاسوودەن بە نوێکردنەوەکە و دەیانەوێت بۆ زۆرترین کات لەم ماڵەیان بمێننەوە. داهاتوویەکی گەش چاوەڕێی خێزانەکەیان و دەلاقی کچیان دەکات.



دایکی دەلاڤ دەستەکانی کچەکەی دەشوات (٢٠٢١، نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێ مرۆییەکان (UN-Habitat) - هەرێم سیوەیسی)



## "خانووەکەمان کاول بوو،" لەوەند وتی."ئەگەر یارمەتی ئەوان نەبووایە، ئێمە بە ڕاستی نازانین بۆ کوێ دەڕۆیشتین."



لەوەند لە کاتی چوونە نێو ماڵەکەی (٢٠٢١، نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێ مرۆییەکان (UN-Habitat) - هەرێم سیوەیسی)

خێزانی مەحمود



کاک موئەیەد و منداڵە هەڵگیراوەکەی و نەوەکانی پێکەوە دادەنیشن (٢٠٢١، نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێ مرۆییەکان (UN-Habitat) - هەرێم سیوەیسی)

# خۆشی دووبارە گەڕایەوە بۆ خێزانی مەحمود دوای ماوەیەکی درێژ لە شەڕ و وێرانکاری

موسڵ، ٢٢ کانونی یەکەم ٢٠٢١ – لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤ کاتێک داعش دەستی بەسەر چەندین شاردا سەپاند. چەندین خێزان ماڵ و حاڵی خۆیان لەدەستدا لە ئەنجامی کردەوەی وێرانکاری لە لایەن داعشەوە یان لە کاتی ئۆپەراسیۆنی سەربازیدا بۆ ڕزگارکردنی ناوچە داگیرکراوەکان. نەتەوە یەکگرتووەکان  بۆ نیشتەجێ مرۆییەکان مەزەندە دەکات کە ٢٤٠،٠٠٠ خانوو زیانیان پێگەیشتووە یان وێرانکراون لە هەرێمەکە.

کاتژمێر ٨ی بەیانی بوو کاتێک بۆمبەکان لەو شوێنەی دا کە پێشتر پێیان دەوت ماڵەوە. ڕووداوەکە زۆر دڵتەزێن بوو، خێزانی مەحمود پێنج ئەندامیان بەهۆی بۆردومانەکەوە لە دەست دا، کە ڕاستەوخۆ لە ماڵ و ئۆتۆمبێلەکەیانی دا و بووە هۆی وێران بوونیان. خۆشەویستەکانیان لەبەردەم چاویاندا مردبوون و دەبوو خۆیان تەرمەکانیان بەخاک بسپێرن. لەگەڵ لەدەستدانی خۆشەویستەکانیان هەموو کەلوپەلەکانیان لە دەست دا و هەموو ئەوەی کە بنیاتیان نابوو بووە خۆڵەمێش. ئەم ڕووداوە ساماناکە باری دەروونی ئەرشەدی بە شێوەیەک وێران کرد کە توانای ڕۆیشتنی لەسەر پێیەکانی بۆ ماوەیەک لە دەستدابوو. ئەرشەد کە یەکێک لە ڕزگاربووانی ئەو تەقینەوەیە بوو کە دایک و باوکی تیایدا کوژران کە خزمی بنەماڵەی مەحمود بوون.



کاک موئەیەد ئاماژە بە پارچەکەی پشتی دەکات کە لەسەر تیشکەکە پیشان دراوە. (٢٠٢١، نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێ مرۆییەکان (UN-Habitat) - هەرێم سیوەیسی)

کاک موئەیەدیش لە کاتی تەقینەوەکەدا بریندار بوو، پارچەیەک لە یەکێک لە مووشەکەکان چووە ناو پشتیەوە و ئازارێکی زۆری بۆ دروست دەکات، پارچەکە لە تیشکی ئێکسدا دیارە و پێویستە بە نەشتەرگەری لابرێت.

کاک موئەیەد ئەرکی گرتنەبەری ئەرشەدی گرتە ئەستۆ و وەک یەکێک لە کوڕەکانی خۆی بەخێوی دەکات بۆ ئەوەی هەندێک لە باری دڵی کەم بکاتەوە. ئەرشەد ئێستا گەڕاوەتەوە بۆ قوتابخانە و خۆی بە یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەی مەحمود دەناسێنێت. سەرەڕای لەدەستدانی دایک و باوکی هەست بە دڵخۆشی دەکات بە ژیانە نوێیەکەی و لە کۆتاییدا توانی دووبارە بە ئاسایی بژێت.

**٢٤٠،٠٠٠**
خانووی وێرانکراو لە عێراق

" ئێمە لە تاریکیدا دەژیاین،" کاک موئەیەد گوتی. "داهاتوو بۆ ئێمە بوونی نەبوو، ئێمە تەنیا چاوەڕێی مردنی خۆمان بووین."

دوای پرۆژەی (Headway) کە لەلایەن (UN-Habitat)ەوە جێبەجێکرا و لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە کۆمەکی بۆ دەکرێت، بنەماڵەی مەحمود توانیان بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکەیان کە بە تەواوی نۆژەنکرایەوە. پرۆژەکە نەک تەنها خانووی ئەمان بەڵکو زۆربەی ماڵی دراوسێکانیشی چاککردۆتەوە، کە خۆشی و شادی هێناوەتەوە بۆ گەڕەکەکە.

کاک موئەیەد ئاماژە بەوێنەی خانووە وێرانکراوەکانیان دەکات دوای بۆمبەکە (٢٠٢١، نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێ مرۆییەکان (UN-Habitat) - هەرێم سیوەیسی)



## "خۆڵ و خاشاکی ماڵە زیانلێکەوتووەکەمان بە بیری شەهیدانمانی دەهێنایەوە،" کاک موئەیەد وتی. "بەڵام دوای نۆژەنکردنەوەی ماڵەکەمان، ژیانمان بە تەواوی گۆڕاوە"





کاک موئەیەد دەستی لەسەر شانی ئەرشەددا داناوە (٢٠٢١، نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێ مرۆییەکان (UN-Habitat) - هەرێم سیوەیسی)

"سوپاس بۆ (UN-Habitat)، دوای نۆژەنکردنەوەی ماڵەکەمان، جارێکی تر هەست بە خۆشییەکانی ژیان دەکەین وە هیوامان بە داهاتووە."

کاک موئەیەد وتی.

یەکێک لە نەوەکانی کاک موئەیەد لە دەروازەی ماڵەکەیان زەردەخەنە دەکات (٢٠٢١، نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێ مرۆییەکان (UN-Habitat) - هەرێم سیوەیسی)



ئەگەر هەوڵ و کۆششی (UN-Habitat)نەبوایە، ئەوا گەڕەکەکەیان هەر لە هەمان دۆخی وێرانکراودا دەمایەوە. کاک موئەیەد جارێکی تر دەتوانێت هەست بە خۆشییە سادەکانی ژیان بکات کاتێک دەبینێت نەوەکانی لە دەوری ماڵەکە یاری دەکەن و دەچن بۆ قوتابخانە بۆ ئەوەی پەروەردەیەکی گونجاو بەدەست بهێنن، هەست بە دڵخۆشییەک دەکات کە ماوەیەکی زۆرە هەستی پێ نەکردووە. ئەویش بە پەرۆشەوە دەڕوانێتە ئایندەیەکی گەش بۆ ڕۆڵەکانی.



بنەماڵەی مال الله لەو سوچەدا دانیشتوون کە لەکاتی بۆردومانەکەدا تیایدا دانیشتبوون (٢٠٢١، نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێ مرۆییەکان (UN-Habitat) - هەرێم سیوەیسی)

# لە کارەساتی جەنگەوە بۆ ماڵێکی نوێ کراوە، کە داهاتوویەکی گەشی هەیە بۆ خێزانی مال الله

موسڵ، ٢٢ کانونی یەکەم ٢٠٢١ - لەگەڵ ئاوەدانکردنەوەی خانووە وێرانکراوەکەیان، خێزانی مال الله جارێکی تر بە ئارامی و ئاسوودەیی ژیان بەسەر دەبەن. خێزانەکە خاوەنی کچێکی تەمەن ٩ ساڵ بە ناوی مەلەک و کوڕێکی تەمەن ٧ ساڵ بەناوی سەعد کە نەیاندەتوانی چێژ لە مافە سادەکانی منداڵییان وەربگرن. لە ماوەی چەند مانگی ململانێدا ناچار بوون بە بەردەوامی لە ناو ماڵەکەیاندا بمێننەوە.

منداڵەکانیان نەیاندەتوانی لە دەرەوە یاری بکەن یان بچن بۆ قوتابخانە و بەردەوام لە ترسدا دەژیان. لەم ماوەیەدا کێشەی کەمی ئاو و خواردن و کارەبایان هەبوو و بە زەحمەت پێداویستییە سەرەتاییەکانیان دابین دەکرد. دواى چەند مانگێک لە تەقینەوە و تەقەی بەردەوام بەهۆی ناکۆکییەکانی داعشەوە، ئەو خێزانە

"بۆمبارانەکە هەموو شتێکی لێسەندین."
فارس وتی.



فارس بە ئاسودەیی دەچێتە نهۆمی دووەم بە سەر پلیکانەکان کە پەرژینی بۆ دانراوە و، لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێ مرۆییەکانەوە دروست کراوە. (٢٠٢١، نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێ مرۆییەکان (UN-Habitat) - هەرێم سیوەیسی)

لە سوچێکی ماڵەکەیان لە ئامێزی یەکدیدا دانیشتبوون کە بۆمبەکان لە ماڵەکەیانی دا و ماڵ و کەلوپەلەکانیانی وێران کرد. جگە لەوەی لە ڕووی دەروونییەوە توشی شۆک بوون، فارس (سەرۆکی خێزان)، لەگەڵ ژنەکەی و منداڵەکانی هەموو ئەو شتانەیان لە دەست دا کە زۆر بە زەحمەت کاریان کردبوو بۆ بونیاتنانی.

دۆخی دەروونی منداڵەکانی فارس ئێستا لە سەدا سەد باشترە لە جاران، بە هۆی هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێ مرۆییەکان. مەلەک و سەعد هەردووک لە کاتی ململانێکەدا لە ڕووی دەروونیەوە ئازارێکی زۆریان خوارد، بەڵام دوای نۆژەنکردنەوەکە فارس تێبینی ئەوەی کردووە کە منداڵەکانی بە هەموو شێوەیەک باشتر کار دەکەن.

پرۆگرامەکە هەموو شتێکی بۆ بنەماڵەی مال الله بونیات نایەوە. ئێستا کارەباو سیستەمی ئاوی ماڵەکەیان لە باشترین حاڵەتدایە بۆ ئەوەی یارمەتی خێزانەکە بدات بەشێک لە ئازارەکانیان لەبیربچێتەوە. ژوورەکانیان ئێستا ڕووناکن بۆ ئەوەی منداڵەکان بە ئاسوودەیی بخوێنن و بتوانن بە سەلامەتی لە دەرەوە یاری بکەن و چێژ لە منداڵی خۆیان وەربگرن، دوور لە ناکۆکی و شەڕ.

خێزانەکە ئێستا بە ئاسانی دەستیان دەگات بە ئاوی پاک و شیاو بۆ خواردنەوە لە بری ئەو ئاوە تاڵەی کە پێشتر دەیانخواردەوە و مەترسی هەبوو بۆ سەر تەندروستی خێزانەکەیان و توشی سکچوون و نەخۆشی تریانی دەکرد.

**"ئێمە دەمانەوێت سوپاسی (UN-Habitat) و یەکێتی ئەوروپا بکەین،" فارس وتی. "ئەگەر یارمەتی ئەوان نەبووایە نەماندەتوانی ماڵەکەمان چاک بکەینەوە."**



مەلەک (کچی فارس) ئاوێکی پاك دەخواتەوە (٢٠٢١، نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێ مرۆییەکان (UN-Habitat) - هەرێم سیوەیسی)



## "منداڵەکانم دوای نۆژەنکردنەوە زۆر دڵخۆشترن،" فارس وتی. "منداڵییان بەدەست هێنایەوە."



منداڵەکانی فارس (مەلەک و سەعد) لە حەوشەکەیان یاری دەکەن (٢٠٢١، نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێ مرۆییەکان (UN-Habitat) - هەرێم سیوەیسی)



حەمزە و هاوسەرەکەی لە دەروازەی ماڵەکەیان وەستاون (٢٠٢١، نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێ مرۆییەکان (UN-Habitat) - هەرێم سیوەیسی)

# بە هۆی خانووە نوێ کراوەکەیان، خێزانی حەمزە ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر دەتوانن هەست بە سەلامەتی بکەن

هەولێر، ٢٠ کانونی یەکەم ٢٠٢١ – لە ٢٠١٣ەوە عێراق کاریگەرییەکی نەرێنی زۆری لەسەربووە بەهۆی شەڕی داعشەوە، کە ئەمەش کاری کردۆتە سەر خێزانی حەمزە کە لە قەزای قەراجی شاری باقرتێوە هەڵاتبوون و هیچ شوێنێکیان نەبوو تیایدا بمێننەوە و ناچاربوون لە ماڵێکی پەرەتەوازەدا بمێننەوە، کە چەندین کێشەی تێدابوو وەک دزەکردن و شێداری و نەبوونی ئاو.



> "ئێمە نەماندەتوانی لە ماوەی ١٠ ساڵیشدا خانووەکە چاکبکەینەوە ئەگەر هاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکان نەبووایە،"
>
> حەمزە وتی.

براکەی حەمزە خانوویەکی دا بە خێزانەکە کە تەواونەکرابوو و ئەوان تیایدا نیشتەجێبوون، سەرەڕای خراپی باری ژیان و گوزەرانی ماڵەکە کە پەنجەرە و دەرگای تێدا نەبوو و چەندین کێشەی دیکەیان هەبوو. حەمزە ئۆتۆمبێلەکەی فرۆشت، بەڵام هێشتا لە ڕووی داراییەوە نەیانتوانی خانووەکە چاک بکەنەوە و ناچار بوون لە هەلومەرجێکی نەگونجاودا بمێننەوە.

نەبوونی پەنجەرە و دەرگاکان ژیانی ئەم خێزانەی زۆر سەخت کردبوو، بە تایبەتی لە زستاندا شێ و دزەی هەبوو و ماڵەکە زۆر ساردبوو و، ئەمە کاریگەری لەسەر دۆخی تەندروستی خێزانەکە دروستکردبوو، هەروەها مێروویان هەبوو بەهۆی باری نادروستی خانووەکەوە.



یەکێک لە منداڵەکانی حەمزە دەستەکانی لەسەر جلی تازە شۆراو داناوە و زەردەخەنە دەکات (٢٠٢١، نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێ مرۆییەکان (UN-Habitat) - هەرێم سیوەیسی)

خانووەکە زۆر بچووک بوو بۆ ئەم خێزانە گەورەیە، دروستکردنی نهۆمی دووەم بەشێکی گرنگی نوێکردنەوەکە بوو، کە گۆڕانکارییەکی زۆری بۆ خێزانەکە دروستکرد. منداڵەکان ئێستا دەتوانن بە ئاسوودەیی یاری بکەن و لە سەرەوە پشوو بدەن. یەکێکی تر لە پێشکەوتنە گرنگەکان دروستکردنی پەرژینە لەسەر پلیکانەکان. پێش نۆژەنکردنەوەکە پلیکانەکان بۆ منداڵان مەترسیدار بوون، بەڵام ئێستا دەتوانن بە ئارامی و سەلامەتییەکی تەواو هاتووچۆ بکەن. بە گشتی ئێستا لە ماڵێکی ئارام و گەرمدا دەژین، کە بۆ ئەم خێزانە گەورەیە فراوانتر و نموونەیی ترە.



یەکێک لە منداڵەکانی حەمزە دەستی لەسەر پەرژینەکانە و بە پلیکانەکاندا سەردەکەوێت. (٢٠٢١، نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێ مرۆییەکان (UN-Habitat) - هەرێم سیوەیسی)

دواین شەپۆلی لافاو لە هەولێر کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر چەندین خێزان، بەڵام خۆشبەختانە خێزانی حەمزە سەلامەت بوون. نۆژەنکردنەوەکە هۆکاری سەرەکی بوو کە ئەم کارەساتە کاریگەری لەسەریان نەبوو. کوالێتی نۆژەنکردنەوەکە ئاشکرایە لەوەی کە پێکهاتەی خانووەکەیان چەندە پارێزراو و بەهێزە لە ڕووبەڕووبوونەوەی جۆرەها دۆخی کەشوهەوا و کارەساتی سروشتیدا.



حەمزە خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەوەی کە منداڵەکانی دەتوانن بچنە زانکۆ و ئەو خوێندنە گونجاوە بەدەست بهێنن کە ئەگەر لە (کەرەج) ێ بمانایەتەوە نەیاندەتوانی وەریبگرن، ئێستا داهاتووێکی گەش و جێگیر چاوەڕێی خێزانەکەیان دەکات.

حەمزە وتیشی:

**"بەهۆی نۆژەنکردنەوەکەوە خانووەکەمان لە لافاو ڕزگارکرا"**



حەمزە وهاوسەرەکەی لەبەر دەرگای پێشەوەی ماڵەکەیانن (٢٠٢١، نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێ مرۆییەکان (UN-Habitat) - هەرێم سیوەیسی)

## خێزانی رافع



خاتوو ئیناس و منداڵەکانی لەگەڵ داپیرەیان پێکەوە دادەنیشن (٢٠٢١، نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێ مرۆییەکان (UN-Habitat) - هەرێم سیوەیسی)

# لە کارەساتێکی تراژیدییەوە بۆ ساڕێژبوونەوە لە گەرم و گوڕی ماڵە تازەکەیاندا، ئایندەیەکی گەش چاوەڕوانی بنەماڵەی رافع دەکات

موسڵ، ٢٢ کانوونی یەکەم ٢٠٢١ – بنەماڵەی رافع لە شەڕ و پێکدادان لەگەڵ داعش لە موسڵ ڕزگاریان بوو. ئیناس (بووکی سەمیرە)، شیری بە محمد منداڵە شەش مانگانەکەی دەدا، کاتێک مووشەکێک لە ماڵەکەیانی دا و هەموو شتێکی وێران کرد.



سەرەڕای ئازار و برینەکانی، ئیناس بە پەلە هەستا بۆ ئەوەی منداڵەکانی بباتە دەرەوە و بیانپارێزێت. دراوسێکان هاواریان دەکرد و دەگریان، دیمەنێک بوو کە هەرگیز لەبیری ناکات. ڕەعدیش، مێردەکەی ئیناس بە سەختی بریندار بوو، ئەژنۆی بریندار بوو و وای لێکرد تا ئێستا نەتوانێت بە شێوەیەکی ئاسایی پیاسە بکات و، کاری کردۆتە سەر ژیانی ڕۆژانەی و توانای کارکردن و دابینکردنی بژێوی بۆ خێزانەکەی.

لە کاتی تەقینەوەکاندا تەنانەت دەستیان بە ئاوی پاکیش نەدەگەشت، ئەو ئاوەی دەیانخواردەوە پڕ بوو لە قوڕ و پیسی. دەبوایە لە گەڕەکەکانی دیکەوە ئاو پەیدابکەن کە تەنانەت شیاویش نەبوو بۆ خواردنەوە، بەڵام هیچ بژاردەیەکیان نەبوو جگە لەوە.

## "جەستەم خوێنی لێ دەهات و گوێچکەکانم زەنگیان دەدایەوە،" ئیناس وتی "تەنها بیرم لای پاراستنی منداڵەکانم بوو."



ئیناس لەگەڵ محمدی بچکۆلە (٢٠٢١، نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێ مرۆییەکان (UN-Habitat) - هەرێم سیوەیسی)

بنەماڵەی رافع یەکێک بوون لە سوودمەندانی پرۆژەی "WASH" کە لە هەولێر و دهۆک و سومێل و موسڵ و شەنگال جێبەجێکرا لە لایەن UN-Habitat کە هاوکاری ١١,٠٥٨ کەسیان کردووە بە دابینکردنی ئاوی پاک و شیاو بۆ خواردنەوە کە بەردەوام بەردەستە، لە پاڵ ئەمەشدا خێزانەکە توانیان سوود لە پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە وەربگرن کە لە هەموو ڕوویەکەوە ئەرکی نۆژەنکردنەوەی تەواوی ماڵەکەیان لە ئەستۆ گرتووە.

**"ئێستا بەردەوام دەستمان دەگات بە ئاوی پاک، لە خانوویەکی گەرمدا دەخەوین کە سەقفێکی بەسەرمانەوە هەیە،" سەمیرە، وتی "خێزانەکەم و میوانەکانمان چێژ لە گەرمی ماڵەکەمان دەبینن."**

**١١,٠٥٨ کەس دەستگەیشتنی یەکسانیان هەیە بە ئاو**



ئیناس قاپەکان دەشوات (٢٠٢١، نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێ مرۆییەکان (UN-Habitat) - هەرێم سیوەیسی)



## "سوپاس بۆ (UN-Habitat)، خێزانەکەمان دووبارە تەندروستە بەهۆی ئاوی سازگار و پاک کە لە لایەن پرۆژەی (WASH)ەوە دابین کراوە."



خاتوو سەمیرە دەستی محمد دەگرێت و بەرەو ماڵەکەیان دەڕۆن (٢٠٢١، نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێ مرۆییەکان (UN-Habitat) - هەرێم سیوەیسی)

ڕەعد ئێستا دەتوانێت بە بێ نیگەرانی بچێتە سەر کار، چونکە دەزانێت منداڵەکانی لە ماڵێکدا دەژین کە هەموو پێداویستیەکانی ژیانی تێدایە. محمدی بچکۆلە لە کۆرپەیەکەوە گەشەی کردووە بۆ منداڵێکی تەندروستی تەمەن ٣ ساڵان. بینینی ئەو کاتێک یاری دەکات لەگەڵ خوشک و براکانی لە ماڵەکەیان، لەگەڵ ئەوەی کە ئاوی پاکیان بە بەردەوامی هەیە بۆ خواردنەوە، ئەوەیە کە هەموو ڕۆژێک دڵی ڕەعد ڕووناک دەکاتەوە.

ئەو زیانە نەفسیانەی کە ڕووبەڕوویان بووەتەوە بە هێواشی کاڵ دەبێتەوە، لە کۆتاییدا دەتوانن ژیانێک بگوزەرێنن کە ماوەیەکی زۆر بۆیان مەحاڵ بوو، بەڵام ئێستا تیایدا دەژین.

UN-HABITAT
FOR A BETTER URBAN FUTURE

UN-HABITAT
FOR A BETTER URBAN FUTURE

Funded by the European Union
بتمويل من الاتحاد الأوروبي

© 2022 United Nations Human Settlement Programme (UN-Habitat)
No part of this publication may be reproduced, stored in a retrieval system, or transmitted in any form or by any means, electronic, mechanical, photocopying, recording or otherwise without the prior written permission of the publisher.

کۆمەڵگەی نەتەوە یەکگرتووەکان، شەقامی ١٠٠ مەتری، هەولێر، عێراق
کۆمەڵگەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ناوچەی نێودەوڵەتی، بەغداد، عێراق
info@unhabitatiraq.org
www.unhabitat.org/iraq
@unhabitatiraq

نیسان ٢٠٢٢